# سزای بوهتان کردنی زینا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ حد القذف ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# سزای بوهتان كردنی زینا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود و ڕەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت وهاوەڵ و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە ...

خۆشەویستان وەك بەڵێنمان پێدابووین هەرجارەو بابەتێكتان پێشكەش بكەین لەسەر سزای ئەو تاوانانەی كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دیاری كردوە لە پێناو پاراستنی كۆمەڵگە وبەرزراگرتنی بەها و ڕەوشتە جوانەكان لەپێناو بەردەوام بوونی ژیان بەو شێوەیەی كە فیترەتی پاكی مرۆڤەكان پێی ڕازین ، ئەمجارەش دێینە سەر باسكردنی سزای بوهتانكردن بۆ كەسیك بە زیناكردن – خودا پەنامان بدات - .

**یەكەم: پێناسەكەی:**

(قذف) لەزمانی عەرەبی دا بەمانەی فڕێدانە .

لەشەرعدا : بوهتانی زیناكردنە بۆپیاو و ئافرتی موسڵمانی داوێن پاك كە بڵێت داوین پیس، یان زیناكەر.

**دووەم: حوكمی بوهتان كردن:**

حەرامە موسڵمان بوهتان بۆ پیاو وئافرەتی موسڵمانی داوێن پاك بكات، وە ئیسلام بەیەكێك لەتاوانە گەورەكانی داناوە. ( قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ التي حَرَّمَ اللهُ إلا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّي يوم الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الْغَافِلَاتِ){ رواة البخارى (٢٦١٥) و مسلم (٨٩)} واتە : پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: خۆتان

لەحەوت گوناهە فەوتێنەرەکە بپارێزن ـ کە ئەمانەن : هاوبش پەیداکردن بۆ خوا و جادووگەری و بەهەق نەبێ کوشتنی ئەوکەسەی خواکوشتنی حەرام کردووە و سووخواردن و ماڵی هەتیوخواردن و هەڵهاتن لەڕۆژی رووبەڕووبوونەوەدا و بوهتانی زیناکردن بۆ ئافرەتی داوێن پاکی بێ ئاگا .

**سێ یەم: سزای بوهتانی زینا کردن:**

تۆڵەی بوهتانی زینا: ئەو سزایە شەرع دیاری کردووە و مافی مرۆڤەکانە.. هەشتا دارە، شایەتی لێ وەرناگیرێ مەگەر تۆبە بکات وپەشیمان ببێتەوە.

بەڵگەی بوهتان ئەم ئایەتەیە دەفەرموێ: ( وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٤) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٥)): {النور : ٤ – ٥} واتە: ئەو کەسانەی بوهتانی زینا دەکەن بۆ ئافرەتی داوێن پاك پاشان چوار شایەت ناهێنن ئەوە هەشتا داریان لێدەن، وەهەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن وە ئەوانە خۆیان لەسنوور دەرچوون جگەر لەوانەیان کە لە دوای ئەوە پەشیمان دەبنەوە و خۆیان چاك دەکەن ئەوە بێگومان خوا لێبوردەی بەبەزەیی یە.

**چوارەم: مەرجەکانی سزای بوهتانی زینا :**

کاتێك سزای بوهتانکردنی زینا بەسەر کەسێکدا جێبەجێ دەکرێت ئەم دە مەرجە هەبێت کە پێنجیان دەبێت لە بوهتانکەرەکە دابێت وە پێنجیشیان لە بوهتان بۆ کراوەکە دابێت .

مەرجەکانی بوهتانکەر :

أ ـ باڵغ بێت : ئەگەر منداڵ بوو شەلاقی لێ نادرێت .

ب ـ ژیر بێت : ئەگەر شێت بوو شەلاقی لێ نادرێت .

ج ـ باوکی بوهتان بۆ کراوەکە نەبێت : ئەگەر باوکی بوو یا دایکی و نەنکی بوو سزای بوهتانی زینای لێ ناسەنرێت.

د ـ دەبێت بە ئارەزووی خۆی بێ : ئەگەر زۆری لێ کرابوو بیلێت سزا نادرێت .

ه ــ بزانێ بوهتانی زینا حەرامە، کەسێك نەی زانیبێ و نەزان بێت تۆڵەی لەسەر نیە وەك تازە موسڵمان بوو .

مەرجەکانی بوهتان بۆ کراو:

أـ موسڵمان بێت   ب ـ باڵغ بێت   ج ـ ژیربێت   د ـ داوێن پاك بێت پێشتر زیناکەر نەبووبێت   ه ـ بوهتان بۆ کراوەکە ڕێگەی پێنەدابێت ئەوەی پێ بڵێ .

**پێنجەم: کەی سزای بوهتانی زینا کردن جێبەجێ ناکرێ ؟**

أ ــ چوار شایەت هەبێت لەسەر زیناکردنەکە یان بوهتان بۆ کراوەکە دانی پیادابنێ کەزینای کردووە ئەگەر چوار شایەتەکە لەوانەبوون شایەتیان وەردەگیرێت شایەتیان دا یاخوی دانی پیادانا لەوکاتەدا شایەتەکان سزای بوهتانی زینایان لێ ناسەنرێت، بەڵکو سزای زینا لەوە دەسەنرێت کە زینای کردووە، جا چ چوار شایەت ببێ یاخۆی چوبێتە ژێر کە زینای کردووە. بەڵام ئەگەر شایەتەکان لە چوار کەمتربوون لەوکاتەدا شایەتەکانیان ناخوات و شەلاق دەدرێن.

ب ـ بوهتان بۆکراوەکە لە بوهتان کەرەکان خۆش بێت، لەم کاتەش دا شەلاق نادرێن چونکە مافی خۆیەتی دەستی لێ هەڵدەگرێت.

ج ـ ئەگەر مێردی ئافرەتەکە بوو، ئافرەتەکەی بەزینا تاوان بارکردبوو بە(لعان) کردن سزای بوهتانی زینا لەسەر مێردەکەی لادەچێت، خوای گەورە دەفەرمووی: ( وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (٦) وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٧) ) {النور: ٦ – ٧} واتە: ئەو پیاوانەی زینا دەدەنە چاڵ ژنەکانیان و جگە لە خۆیان شایەتیان نیە، ئەو شایەتی دانی هەریەك لەوانەـ بەم جۆرەیە ـ کە چوار سوێند بەخوا بخوات کە بێگومان ئەو لە ڕاسگۆیانە ـ کە دەڵێ ژنەکەم بینیوە زینای کردووە ـ وەلە پێنجەم جاردا بڵێ نەفرینی خوای لە سەربێت ئەگەر لە درۆزنان بێت.

بەم شێوەیە هاتینە کۆتای باسی ئەمجارەشمان تا بەیەك گەشتنەوەیەکی تر بەخواتان دەسپێرم و خواتان لەگەڵ .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم